# بەرنامەو  پێڕەوی ناوخۆی
# رابوونی هاوبیرانی کوردایەتی

---

## بەرنامە

**بەندی یەکەم/پێناسە :**

1-**رابوونی هاوبیرانی کوردایەتی،کۆمەڵەیەکی ناپارتی(غیر حزبی)ئارەزوومەندانەیە بۆ تاك و کۆی خەڵکی کوردستان کەباوەریان بە بەرنامەو پێرەوی ناوخۆکەی هەبێ .**

2-**کورتکراوەی ناوەکەی(رابوون)ە.**

3-**دروشمەکەی(بیری چاك،وتەی چاك،کرداری چاك)ە**

4-**کەسێتییەکی واتایی(معنوی)هەیە.**

5-**ناوەندی کارکردنی : سەرەتا شاری سلیمانیە و لە هەر شار و شارۆچکەیەکی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بۆی هەیە نوێنەرایەتی خۆی بکاتەوە .**

**بەندی دوەم/ئامانجەکان:**

**رابوون کۆمەڵەیەکی سوودبەخشی گشتی(ذات نفع عام)ە بۆ راژەی کۆمەلگەی کوردەواری و بەهێز کردنی پێگەی حکومەتی هەریمی کوردستان لەم روانەوە::**

1-أ:**راژەی زمانی کوردی بەجۆرێك کە رێنووس و شێوەزارێکی فەرمی پێشنیارو دەستەبەر بکات بۆ فەرمانگە حکومی و قۆناغەکانی خوێندن ،لەگەڵ گەشەدان بە شێوەزارە ناوچەییەکانی کوردستان .**

**ب :نووسینەوەی مێژووی کورد لەروانگەی زانستییەوە.**

2-**راژەی کەلەپوورو فۆلکلۆرو فەرهەنگ و پاراستنی شوێنەوارە مێژوویەکان و پاراستنی ژینگەو سەوزکردنی کوردستان و هاوینەهەوارەکان**

3-**کاری خێرخوازی کۆمەلایەتی بۆ  هەژاران و لێقەوموان.**

4-**گە شەپێدانی توانای گەنجان لەبوارەکانی زانستی و پەروەردەیی و هونەری و وێژەیی و وەرزشی و داهێنان لە ریگەی کردنەوەی خولی فیربوون بەخۆرایی لەو بوارانەدا.**

5-**گەشەدان بەبیری کوردایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی لەسەر  بنچینەی ئەو راستییەی نەتەوەی کورد یەك نەتەوەیەو خاوەنی یەك هەستی نەتەوەیی و یەك میژوو ویەك زمان و نەرێت و بەرژەوەندیی گشتییەو کوردستانیش بە هەموو سامانەکانی سەر زەوی و ژێر زەوییەوە مڵکی خەڵکی کوردستانەو کوردستان بە پێچەوانەی خواستی هاولاتییەکانیەوە پارچەپارچەو بندەستکراوەو یەکگرتنەوەی ئەو پارچانە لەقەوارەیەکی سیاسیی یەکگرتوو و**

دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، مافێکی رەوای نەتەوەی کوردمانەو کارئەکەین بۆ ئەوەی قەوارە سیاسیەکەی باشووری کوردستان بەئاراستەی بەدیهێنانی ئەو مافەدا بڕوات .

6-رێزگرتن و دابینکردنی مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینی و ئاینزاکانی ناو کوردستان.

7-وریاکردنەوەی خەڵکی لەمەترسیی ئەو جۆ رە پارتایەتییەی گەندەڵیی لێئەکە ویتەوە.

8-برەودان بە بنەماکانی دیموکراسی و ئازادیی بیروباوەڕو ریکخستنی سیاسی و رێزگرتنی مافی مرۆڤ و وەستان دژی دیاردەی تیرۆرو خۆسەپاندنی رەگەزی و ئاینی و ئاینزایی و وەستان دژی زیندانیکردنی سیاسی و ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوەو مڵکزەوتکردن وتانبرین.

9-چەسپاندنی سەروەریی یاساو پەیرەکردنی دادی کۆمەلا یەتی و بەدامەزراوەییکردنی دەزگا حکومییەکان

10-پاراستنی ئارامی و ئاسایشی کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی.

11-ئەنجامدانی نەخشەریگەی گێڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان بۆ سەر قەوارەکەی هەریمی کوردستان لەو بڕوایەوە کە ئەو ناوچانە وەك جوگرافیای مێژوویی بەشیکن لەباشووری کوردستان هەر رەگەزێکیان تێدا بژی . بۆیە پەنابردن بۆ گەمەی راپرسی لەو ناوچانەدا کارێکی نادروستەو پیچەوانەی بنەمای سەروەریی نەتەوەکەمانە.

12-راهێنانی رەگەزی نێر لەسەر رێزگرتنی مافەکانی رەگەزی مێ و یەکسانیان وکۆتاییهێنان بە توندوتیژی و کوشتنی یەکدی.

13-بایەخدان بەپەروەردەکردنی مندالان و کەنجان لەهەموو روویەکی نەتەوەیی و پەروەردەیی و تەندروستییەوە.

14-وەستان دژی هەر بیرۆکەو هەوڵێکی رەگەزپەرستانەو شۆڤێنیانە لەناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا .

15-وەستان دژی هەر بیرۆکەو هەوڵێکی خۆبەکەمزانین و خۆبەدەستەوەدان بەبێگانە

16-دروستکردنەوەی کەسایەتی شکستخواردووی تاك و کۆمەڵانی کورد کە لەئەنجامی ساڵانی داگیرکردنی کوردستاندا دروستبوە .

17-هەوڵدان بۆ نەهێشتنی دیاردەکانی تاوان و گەندەڵی .

18-هەوڵدان بۆ دابینکردنی بیمەی بێکاری و نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەخۆراییکردنی چارەسەری تەندروستی و دەرمان.

19- پشتگیریکردنی کۆمەڵەو تیپەکانی پاراستنی ژینگەو گەشەپێدانیان.

20-هەوڵدان بۆ دابینکردنی کار بۆ بێکاران و بۆ ئەو هاوڵاتیانەی لە هەندەرانەوە ئەگەڕێنەوە بۆ کوردستان .

21-هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی فەرمانبەرو کرێکارو جوتیارو خانەنشینان.

22-هه وڵدان بۆ ئازادیی میدیایی و پاراستنی ژیانی نووسەران و رۆژنامەنووسان.
23-چەسپاندنی ئەو راستییەی کە داهاتەکانی نەوت و گازو ئاوو کانەکان و باج و گومرگ و رەسم لەکوردستاندا تەنیا مڵکی خەڵکی کوردستانەو ئەبێ هەمووی بچێتە بووجەی حکوومەتی هەریمی کوردستانەوە.
24-هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی باج و گومرگ لەپێناوی دابەزاندنی نرخی کالاکان لە کوردستاندا.
25-هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی یەك ئیدارەیی لەهەرێمی کوردستاندا.
26-هەوڵدان بۆ نەهێشتنی بیرۆکراتیەت و رۆتین و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی.
27- وەستان دژی هەر بەستنەوەیەکی کوردستان بە داگیرکەرانی کوردستانەوە .
28-پێشنیاری نەخشەریگایەك بۆئەوەی حکومەتی هەریم لەحکومەتی حیزبەوە ببێتە حکومەتی میللەت و خاوەنی سوپایەکی نیشمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرشێکی دەرەکی و زاڵبوون بەسەریدا. هەروەها کۆتاییهێنان بە دیاردەی دوو دەزگایی ئاسایش و پۆلیس.
29-أ: خوازیارین هەڵبژاردنی پەرلەمان لەشیوازی رێژەییەوە ببێتە شێوازی بازنەیی بۆئەوەی پەرلەمان لە هی حیزبەوە ببێتە پەرلەمانی میللەت .
ب: رێگەدان بە کوردانی ناوچە داگیرکراوەکان و کوردانی هەندەران بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا .
30- گرنگیدانێکی تایبەتی بەخەڵکی گوندەکان و جوتیاران لەرێگەی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی سەردەم بە گوندەکان و دابینکردنی زەوی بۆ جوتیاران لەپێناوی بووژاندنەوەو گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵدا .
31—بەدیهێنانی ئامانجەکانمان بەهۆکاری دیموکراتی و ئاشتیانە ئەبی.
32-پابەند ئەبین بەو مەرجانەی کە لەیاسای کۆمەلەکان ژمارە 18سالی1993دا هاتوە بەگشتی و مادەکانیی چوارەم تا حەوتەم بەتایبەتی.

## پێڕەوی ناوخۆ

بەندی یەکەم/دەستەکان:
1-دەستەی باڵا-سەرەتا لەدەستەی دامەزرینەر پێکدێ . دوای سالێك دەستەی باڵا لە کۆبوونەوەیەکی دەستەی گشتیی ئەندامانداا بە هەڵبژاردن ئەبێ و لە 15ئەندام و2 ئەندامی یەدەك پێکدێ و کارەکانیان وەك سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ بە زۆرینەی دەنگ رائەپەرێنن و ئەرکەکانیان لەناو خۆیاندا دابەشئەکەن.
دەستەی باڵا لەناو خۆیاندا یەکیك هەلئەبژیرن کە نوینەرایەتی رابوون بکات لەبەردەم دادگاو لایەنە فەرمی و نافەرمیەکاندا بەپێی مادەی سێیەم لە یاسای کۆمەڵەکان ژمارە18 سالی 1993

هەروەها یەکیك لە ئەندامەکانی بۆ سەرپەرشتی کاری ژمێریاری و یەکیکیتر بۆ سەرپەرشتیی کاری وردبینی دیاریئەکات.

دەستەی باڵا بەرپرسی گشتییە بۆ راپەراندنی کارەکانی رابوون و بریاری خەرجکردن . بۆی هەیە هەندێ دەسەڵاتی خەرجکردن بدا بە دەستەکانی شارو شارۆچکەکان .

2-دەستەی شار- لە 7 بۆ 11 ئەندام پێکدێ کە لەلایەن دەستەی بالاوە دیاریئەکرێ بۆ هەر شارێکی کوردستان یاهەر شارێکی هەندەران

3-دەستەی شارۆچکە-لە5 بۆ 7 ئەندام پێکدێ و لەلا یەن دەستەی شارەکەیەوە دیاریئەکرێن.

دەستەکانی باڵاو شارو شارۆچکە رابەرایەتییەکی بەکۆمەڵ رەچاوئەکەن و کارەکان لەناو خۆیاندا دابەشئەکەن . لەکاتی یەکسانیی دەنگدا ، دەنگی بەتەمەنترینیان بە 2 دەنگ ئەژمارئەکرێ .

4-دەستەی راوێژکار-لەو ئەندامە خاوەن ئەزموونانە پیکدێ کە پێشتر ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو دەستەی باڵا بوون . ئەرکیان :

أ- پێشکەشکردنی راوێژ و بەرهەمی بیرمەندیانە بە رابوون.

ب-لێپرسینەوە لە هەر سەرپێچییەکی یاسایی و کەمتەرخەمی و گەندەڵییەك لەریزەکانی رابووندا

پ-پشکنینی کاری دەستەکان و نووسینی راپۆرت لەسەریان بۆ دەستەی باڵا یا دەستەی گشتی.

5-دەستەی گشتی-بەرزترین دەسەڵاتی رابوونە و لەهەموو ئەندامانی رابوون پێکدێ و سالی جاریك لەسەر داوای دەستەی باڵا کۆدەبێتەوەو بەکاری دەستەکانی رابووندا ئەچێتەوەو سزای سەرپێچیکەران ئەداو بۆی هەیە گۆرانکاری لە بەرنامەو پێرەوی ناوخۆی رابووندا بکات و سکاڵای ئەندامەکان وەرئەگرێ و بریاریان لەسەرئەدات و بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەستەی باڵا هەڵئەبژێرێ. بۆی هەیە ناوەندی رابوون بگوێزیتەوە بۆ شارێکیتر. هەروەها بەزۆرینەی3/2بۆی هەیە بریار لە سەر چارەنووسی رابوون بدات.

6- لە بارودۆخی نائاساییدا بۆ دستەی باڵا هەیە کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دوابخات بە مەرجێك لە 12 مانگ تێپەرنەکات.

7- ئاڵوگۆری دەستەکانی شار لەدەسەلاتی دەستەی باڵادایە و ئاڵوگۆری دەستەکانی شارۆچکە لەدەسەڵاتی دەستەکانی شاردایە .

8-هەر دەستەیەك ، بێجگە لەدەستەی گشتی،یەکیك لەئەندامکانی دیاریئەکات بۆ کاری سکرتارێتیی دەستەکە وەك پاراستنی ئەرشیف و تۆمارەکانی ناوی ئەندامان و ئابوونەکانیان و تۆمارکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکانی دەستەکە( کەنابێ مانگی لە جاریك کەمتربێ)و بۆ بانگهێشتی کۆبوونەوەکان و هەر ئەرکیکیتری تۆمارکردن و پێراگەیاندن .

## ئەندامێتی.

1- بۆ دەستەکانی بالاو شارو شارۆچکە هەیە،هەریەکەو لەناوچەی خۆیدا، بریار لەسەر داواکاریی نووسراوی هەر کوردێك بدات بۆ وەرگرتنی بە ئەندامی لایەنگر بە مەرجیك ناپاکی نیشتمانیی نەکردبێ.

2-لایەنگر بە(هاوبیر)ناوئەبرێ هەرکاتێك بتوانێ دوو لایەنگر.بۆ رابوون دەستەبەربکات.

3-لایەنگران و هاوبیران ئابوونەی مانگانە ئەبەخشن بەرابوون بەپێی توانا بەمەرجێ لە هەزار دینار کەمتر نەبێ.

4-کۆتاییهێنان بە ئەندامێتی لایەنگر یا هاوبیر بە بریاری دەستەی باڵائەبێ لەسەر راسپاردەی هەر دەستەیەك لەناوچەکەی خۆیدا بەمەرجێك بیانووی گونجاو هەبێ . ئەو ئەندامەش مافی ئەوەی هەیە سکالای خۆی بخاتە بەردەم دەستەی گشتی کە بریارەکەی بریاری کۆتایی ئەبێ

5- هەر لایەنگر یا هاوبیرێك:ئازادە بە خواستی خۆی بە نووسراوێك واز لە رابوون بێنێ .

6- کارکردن لەرابووندا خۆبەخشانەیە . بۆ دەستەی بالا هەیە دەرماڵەیەك تەرخانکا بۆ ئەو ئەندامانەی خۆیان تەرخانئەکەن بۆ کارەکانی رابوون . بۆشی هەیە پاداشت بدات بەوانەی چالاکیەکی جیاواز(متمیز)ئەنجام ئەدەن بۆ رابوون.

## دارایی

دارایی رابوون بریتی ئەبی لە:

1-یارمەتی لەحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

2-ئابوونەی لایەنگران و هاوبیران و دۆستان.

3-یارمەتی لە رێکخراوە خێرخوازەکانەوە.

4-یارمەتی بێمەرج لە هەر دەزگاو قەوارەیەکی نیشتمانیەوە .

5-قازانجی چالاکییەکانی

6-هەر سەرچاوەیەکی رەوایتر کە دەستەی بالا پەسندی بکا

7 -دارایی رابوون لەبووجەیەکدا ریکئەخرێ و بەشێوەیەکی ژمیریاریی یاسایی تۆمارئەکری و لێی خەرجئەکرێ و وردبینی ئەکرێ و میزانیەی سالانەی بۆ ئەکرێ بەپێی ئەو سیستمی ژمێریارییەی لە فەرمانگە حکومیەکاندا پەیرەو ئەکرێ .